# كاتێك ئەسپی جەهل تاو دەدەن.. نابێت بێدەنگ بین

**سالار بابەشێخ**

کەس لاری لەوە نییە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێسقان ئاینییەو دین سیمایەکی پیرۆزی لە نێو دڵی زۆرینەی خەڵکیدا هەیەو حکومەتی خۆماڵیش تا ئاستێکی بەرچاو، لە پاڵپشتی و پشتیوانیکردن لە ئاینیەکان درێغی نەکردووە، بەڵام کاتێك مەلایەك بە زمانێکی سوورهەڵگەڕاو دێتە نێو حوجرە و لە سەر مینبەری مزگەوتێکدا بە مەبەستێکی نادیار، دین و ئاینەکەشی چەواشە دەکات، تەنها لەبەر ئەوەی مەبەستە شاراوەکانی بپێکێ، نابێت حکومەت و خەڵکی وشیار بێدەنگی لێبکەن.

کاتێك مەلایەك هاواری کۆمەڵی ئیسلامی و حکومەتی ئیسلامی دەکات و بە ناوی ئیسلامەوە بە نیازە هەرچی خورافەی هەست بزوێنە بە قورگی خەڵکێکی کاڵفامدا بکات کە گوێی لێدەگرن، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانێت کەسانێك بۆ کرداری خۆکوژانە ئامادە بکات، پێویستە خەڵکی موسڵمان و لە خواترس، پێش هەموو کەسێك بە گژیدا بچن و لە چوونە سەر مینبەر بێبەشی بکەن.

زۆر بەداخەوە لە کوردستانی رزگار کراو مینبەری هەندێك لە مزگەوتەکان بۆ جۆرە مەلایەکی توندڕەوی تۆقێنەر تەرخان دەکرێت، کە ئەگەر مەودای پێبدەن، ئۆسامە و بن لادەنەکانیش دێن بەسەر دەستیدا دەمووچێنەوە و سوود لە پەندە تێکدەرەکانی وەردەگرن!!

ئەمجۆرە مەلایانە کەم نین کە لە لایەن حکومەت و وەزارەتی ئەوقافەوە گۆشەی مزگەوتێکیان بۆ دابینکراوە و کرێی خانوویان لە کۆڵ کراوەتەوە و بە هەموو شێوەیەك و لە چەندین شوێنەوە خزمەتی ماددی دەکرێن، کەچی سواری شەپۆلی کەم ئەزموونی و ناشارەزایی ژمارەیەك نەوجەوانی سادەو خەڵکی سڤیل دەبن و بە ئارەزووی خۆیان ئەسپی نییەتە ناپاکەکانیان تاو دەدەن و دەبنە گەورەترین مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا و تەنانەت خەڵکی نوێژخوێن و وتارخوێنی مزگەوتەکانی تر بە کافر دەزانن و پێیانوایە ئەوەی جیهاد لە دژی جوولەکە نەکات، کافرە و دەڵێن ئەوەی دۆستی ئەمریکا بێت خوێنی حەڵاڵە..!

راستە ئەمریکا لەگەڵ دۆزی سیاسی کورد و دۆخی خواستەکانی نەتەوەیەکی 40 ملیۆن کەسی، شەفاف و راشکاو نییە و هەتا هەنووکەش دانی بە کوردستانی بوونی کەرکووك و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا نەناوە، بەڵام لە ستراتیژیکی خۆی و لانیکەم لەم چاخەدا دژایەتی کورد ناکات و هەندێکجاریش نەرمە پاڵپشتییەك دەنوێنێت.

پرسیارەکە لێرەدایە ئایا ئەمریکا بۆ ماڵوێرانکردنی کورد کار دەکات یان ئەو مەلایەی کە دەمارەکانی گەردەنی خەریکە لە ژێر فشارێکی ساختەدا دەقرتێت و هاوار دەکات : "پێغەمبەر (س)، فەرمووی بەرەو هەولێر دەڕۆم، دەچم لە لای موسوڵمانەکانی هەولێر ئیسراحەت دەکەم، پێغەمبەری رەحمەت و بەرەکەت هەولێری هەڵبژارد". ئەمە قسەی ئیمام خەتیبێکی سەر بە لایەنێکی ئیسلامی توندڕەوە. دەنگ و رەنگی لە لام پارێزراوە و هەموو کەسێك دەتوانێت گوێی لێ بگرێت و سەیری بکات. ئەو بەناو مەلایە پێیوایە خەڵکی هەولێر کە هێمای خواپەرستی و موسڵمانێتین، هەر هەموویان ناموسڵمانن و بێحورمەتی بە پێغەمبەری خودا دەکەن!!! لە کۆپلەیەکی تری فەرمایشەکانیدا دەڵێت: "پێغەمبەری رەحمەت و بەرەکەت هەولێری هەڵبژارد، سەری خۆی هەڵگرت بێتە هەولێرو لە هەولێر بحەسێتەوە، هەولێری کردە مەدینە، بەڵام ئاگاداربن، ئاگاداربن.. مەدینە عەبدوڵڵای کوڕی سەلولی منافقی لێیە، یەهودی پیس و نەگریسی لێیە، خەڵکێکی بەچکە جوولەکە دەیانەوێ دەرکە لە رووی پێغەمبەر قەپات بکەن ولێنەگەڕێن بێت...".

نازانم خەڵکی بەچکە جوولەکە مەبەستی کێیە؟ عەبدوڵڵای کوڕی سەلولی منافق لەم مەدینەیەدا کێیە؟ ئاخۆ ئەمە چ خەونێکی نامۆ و چ پیلانێکی تازەیە کە مەلایەك هەرچی قودسییەت و پیرۆزی دینەکەیەتی دەیکاتە بەردەبازێك بۆ پەڕینەوەی خۆی بەروە پێدەشتێکی نادیار.!!!؟؟

لە وەڵامی ئەو مەلایەدا پێویستە بڵێم خەڵکی هەولێر زیاتر لە هەر شارێکی کوردستان پابەندن بە شەرع و ئاینی ئیسلام و خوێندنەوەیەکی دروستیان لە دینەکەیان هەیە. هیچ پێویستیان بە مامە خەمەی چەواشەکار نییە، ئەوە ئێوەی دەستپەروەردەی دوژمنانی ئەم گەل و خاکەن کە ڕێکخەر و بەڕێوەبەری کارەساتەکانی 1ی شوبات و تەقینەوەکەکانی تری ناو پایتختی کوردستانن.

کام ئایەتی قورئان لە دژی جوولەکەیە و کام حەدیسی پێغەمبەر فیتوای جیهادی داوە لە دژی قەومی یەهوود؟؟ جیهاد لە دژی ئەمریکا و شەڕی جوولەکە چەند کۆلکەمەلایەکی وەك ئۆسامە بن لادەنی بکوژ دروستیان کرد، تەقاندنەوەی قوتابخانەکان و سەربڕینی خەڵکی سڤیل کوا لە تەك رۆحی مرۆڤدۆستی نەتەوەی کورددا دەگونجێ؟ موسڵمانی کورد وێڕای خواپەرستی و بەجێهێنانی ئەك و فەرزەکانی

ئایینەکەی، سەرقاڵی دانانی بناغەکانی دەسەڵاتی کوردی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردییە و ئێوەش پێویستە لەم وڵاتە بار بکەن و پەنا بۆ دیاری  فیتنە خوازان ببەن.